# ڕاگەیاندنی بەڕیوەبەرایەتیی ڕۆژهەڵات تی.ڤی.

**بینەرانی خۆشەویستی ڕۆژهەڵات تی.ڤی.**

بەم جۆرە بە ئاگاداریی ئێوەی بەڕێز دەگەیەنین کە شەوی ١٨ مانگی ئوتی ٢٠٠٧ی زاینی ڕێکەوتی ٢٧ی گەلاوێژی ١٣٨٦ی هەتاوی ستودیۆی تەلەڤیزیۆنی ڕۆژهەڵات لە شاری ستۆکهۆڵمی سوێد کەوتۆتە بەر پەلاماری دزییەکی نائاسایی و خراپکارانە و لە ئاکامدا کەل و پەلی تەکنیکی و هەروەها ئارشیڤی ئەم دەزگایە دزراوە. لەم ڕێگایەوە بە ئاگاداری هەموو بینەرانی دەگەیەنین کە بەهۆی ئەم ڕووداوەوە بەرنامەی ئاسایی کاناڵی ڕۆژهەڵات تا ئاگادار کردنەوەیەکی دووبارە بڵاو نابێتەوە؛

ڕۆژهەڵات تی.ڤی. تێدەکۆشێ لە زووترین کاتدا بەسەر ئەم گرفتەدا زاڵ بێت و بەرنامەکانی خۆی دەست پێبکاتەوە. لە هەمان حاڵدا هەر زانیارییەکی تازەمان لەبارەی ئەم ڕووداوەوە دەست کەوت بە ئاگاداریی هەمووانی دەگەیەنین.

**بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژهەڵات تی.ڤی.**

١٨ی مانگی ئوتی ٢٠٠٧، ٢٧ی گەلاوێژی ١٣٨٦ی هەتاوی